# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی لەگەڵ ئاسۆکمال

**ئەوەی لیرەدا دەیخوێننەوە چاوپێکەوتنی سەرنوسەری ڕێبازی ئازادی (ئەنوەر حسین—بازگر ) لەگەڵ ئاسۆ کمال ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراقە سەبارەت بە ڕاپۆرتی بیکەر—هاملتون و ئاینیدەی کوردستان لەرۆژی 16 کانونی دوەمی 2007 لە لاپەرە 9ی ڕۆژنامەی ڕیبازی ئازادیدا بلاوکراوەتەوە**

ئاسۆکمال

asokamal@yahoo.com

***پێتوایە دواین چارەنوسی هەرێمی کوردستان بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات لەپاش ڕاپۆرتەکەی (بیکەر-هالتۆن)و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە کورد دەبێت چی بکات؟**

وەلام: سەرەتا پیویستە ئەوەبلێم کە ڕاپۆرتەکەی (بیکەر-هالتۆن) سەرخەتی ستراتیژی ئەمریکای بۆدەربازبوون لە شکستی عیراقدا خستۆتەڕوو بەپیچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرانی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان دەڵێن گوایە ئەمە تەنها ڕاپۆرتیکە و لەلایەن بوشەوە ئیهمال کراوە و بەتەلەفۆنی بوش دلنیایی کردونەتەوە کە ڕاسپاردەکانی بەسەر کوردستاندا پەیرەوناکات. ئەم جۆرە لیکدانەوەیە نایەوێت ئەوە ببینیت کە ئەم ڕاپۆرتە، وەك بەرهەمی هەئیەتی دەسەلاتداری ئەمریکا کە حزبی جمهوری و دیموکراتە، دانی ناوە بە شکستی سیاسەت وستراتیژی ئەمریکا لەعیراقدا. شاردنەوەی ئەم شکستە لای سەرانی حزبە دەسەلاتدارەکان شاردنەوەی شکستی ئەو بەیدل وسیاسەتەی خۆیانە کە کەوتنەدوای سیاسەتەکانی ئەمریکابوە، وە دان پیدانەنانیان بەو ڕاستیەی ڕاپۆرتەکەی (بیکەر-هالتۆن) نیازی دریژەپیدانی ئەو بەدیلە شکست خواردوەیان نیشان دەدات.

ئەم ڕاپۆرتە کە دنیای هەژاند و ئەمریکای هینایە پای ئەوراستیەی کە شکستی خواردوە ودەبیت ئالوگۆری ریشەیی بکەن.ئەمە کاریگەری ئەم ڕاپۆرتە بوو کە بیکەر وەك یەکیك لەداریژەرانی ستراتیژی "نەزمی نوێی جیهانی ئەمریکا" ڕاستی شکستی ئەم ستراتیژیەی لە عیراقدا خستەڕوو ئەگینا بوش لە هەلبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا ئینکاری دەکرد و دەیویت سەرکەوتوین.

ئەوەی ڕووی داوە لەدوای 2003وە ئەوەیە کە لە ئاکامی داگیرکاری عیراقدا هاوسەنگی هێز لە عیراق وناوچەکەدا بەزیانی ئەمریکا و بەقازانجی ئیران وئیسلامی سیاسی ،بەبالە جیاوازەکانی ئەلقاعیدە وحەماس وحزب الله وشیعە وسونەوە، گۆراوە .ئەم ئالوگۆرە نەخشە وستراتیژی ئەمریکای خستۆتە ژیر هەرەشەوە و بالادەستی ئەمریکای بردۆتە ژێرپرسیارەوە و ئیران و ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا دەستێکی بالایان پەیداکردوە و لەرێگای شکست پیدانی ئەمریکا لە عیراقدا دەیانەوێت میخی بالادەستی خۆیان بەکورسی دەسەلاتداریتی ناوچەکەدا دابکوتن.

ڕاپۆرتەکەی (بیکەر-هالتۆن) و سەرخەتی ئەم سیاسەت وستراتیژیە نوێیە کە تەعبیرلەم ئالوگۆرە لە لەعیراقداداەکات بریتیە لەوەی کە دەوری ناسیونالیزمی عەرەبی و سونە زیاد بکا و ئارایشی دەسەلات و دەستور لەسەر بنەمای تەوازنیکی نوێی نیوان سونە وشیعە وکوردساغ بکاتەوە .هاوکات لەئاستی ناوچەکەشدا دەیەوێت وەلامی ئەو شکستە بداتەوە کە ئەمریکا لەئاکامی داگیرکاری عیراقدا لەسەر دەستی ئیران وئیسلامی سیاسی لە لوبنان و فەلەستین و ناوچەکەدا خواردویەتی و لیرەشدا دیسانەوە

بایداوەتەوە بەلای ناسیونالیزمی عەرەبی دا وەك لەراپۆرتەكەدا هاتوە دەیەوێت (ریاض) بكاتە مەركەزی پەیوەندی عیراق بە ناوچەكەوە.
بەدوای راپۆرتەكەدا دەبینین بلێر ئەم راسپاردەیەی ئەمریكا دەبات بۆ وولآتانی خلیج و داوای دروستكردنی بەرەیەكی میانەڕەو لەبەرامبەر ئیران و ئیسلامی توندڕەودا دەكات و هاوكات لەعیراقیشدا بەدوای بەرەی میانەڕەون لەبەرامبەر توندرەوەكاندا. بەلآم هەم راپۆرتەكە وهەم ئەم هەنگاوانەی ئیدارەی ئەمریكی لە عیراق و ناوچەكەدا بۆ گۆرینی بالانسی هیزەكان ئاسان نیە بەهۆی وەزعێك كە ئەمریكا تیایدا قەراری گرتوە. ئیستا ئەمریكا ،وەك سالآنی هەشتاكان لەشەری عیراق – ئیراندا ،ناتوانیت حكومەتە عەرەبیەكان و ناسیونالیزمی عەرەبی لەبەرامبەر ئیران وئیسلامی سیاسیدا رێك بخات. ناسیونالیزمی عەرەبی نایەویت ئەو دژایەتیەی لەبەرامبەر ئەمریكادا لەناوچەكەدا هەیە لەریگای جەبهەیەكی واوە كە بەلایەنگری ئەمریكا لەقەلەم دەدریت خۆی بكاتە شەریكی شكستیك كە ئەمریكا بەسەریدا سەپاوە و ئیسلامی سیاسی شكستی ئەمریكا راستەوخۆ بخاتە خزمەت شكست پیهینانی دەسەلآتی ناسیونالیزمی عەرەبیش. لەعیراقیشدا ئەم بەرەیە شكستی خواردوە لەبەرئەوەی لەلایەك ئیران و سیستانی رێكەنادەن هاوپەیمانیتی شیعە و ستراتیژی ئەوان بەم بەرەیە تیك بدرێت و هیزەكانی صدر وەك فشارێك بەكاردەهێنن. لەلایەكی تریشەوە سونە ئێستا ئاستی داواكانی هێندە لەسەرەوەیە كە لەگەلْ بەرەیەكی وادا نایەتەوە كە لە چوارچیوەی راگرتنی حكومەت ودەستوری ئێستای عیراق دا دەیەویت بچیتە پێش. هاشمی بوەتە كەسی دووەم لای بوش و لەلایەن سوریا وئەردەن وسعودیە ومیسر و تەنانەت توركیاشەوە پشتیوانیان لێدەكرێت. ئەوەی تەنها ئومیدی بەم بەرەیەوە بەستۆتەوە یەكیتی وپارتیە و ئەمەش وەك ئەوە وایە كە لەبێ‌بەدیلیدا دەست بۆ پوشیش بەریت تا شەپۆل نەتبات.
هەربۆیە راپۆرتەكە و سیاسەتی نوێی ئەمریكا لەعیراقدا لەسەر بنەمای گۆرینی دەستور و دابەشكردنەوەی دەسەلات لەنیوان سونە وشیعە وكوردایە. راسپاردەكانی بیكەر – هاملتون سەبارەت بە كوردستان بریتیە لە لیسەندنەوەی ئەو دەستكەوتانەی یەكیتی وپارتی لە 3 سالی رابردوودا لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا بەدەستیان هێناوە. كاتیك ئەم پرۆسەیە شكستی خواردوە و شكستەكەی ئەمریكاو لایەنگرەكانیتی ئەوانیش دەبیت باجەكەی بدەن. ئەو مقاوەمەتەی سەركردایەتی حزبە دەسەلآتدارەكانی كوردستان لەبەرامبەر راپۆرتەكە و سیاسەتی نوێی ئەمریكادا نیشانی دەدەن بنەما و هێزی نیە لەبەرئەوەی ئەمریكا كە خۆی خاوەنی پرۆژەكەیە و ناچار بەسازان كراوە ئێستا لەپێناو بەرگرتن بە دوبارەبونەوەی ڤیتنامیكی تردا نەخشەكەی دەگۆڕێت و هەركەس دەیەویت لەگەلْ ئەمریكا بمینیتەوە ئەوا دەبیت دەوریك كە ئەمریكا بۆی قبولْ دەكا پیی رازی بیت. لابردنی فیدرالیزم و بەندی 140 ی دەستور لەسەر كەركوك و ناردنی پیشمەرگە بۆ شەڕی ناو عیراق و مەركەزی كردنەوەی داهاتی نەوت و هتد..ئەو مەرجانەیە كە بۆ یەكیتی وپارتی دیاریكراوە و ئەگەر رازی نەبیت پیّیان بەمانای چوونە دەرەوەیەتی لەو نەخشەیەی ئەمریكادا.
ئاراستەی چارەنوسی كوردستان بەدوای راپۆرتەكەی بیكەر – هاملتون دا بە لەدەستدانی وەزعیەتی دیفاكتۆی "فیدرالی" دەچێت و ئەمریكا كردویەتە قوربانی سازدانەوەی هاوسەنگی هێزی خۆی لەگەلْ سونە و ناسیونالیزمی عەرەبیدا. هەرچەند ئەمریكا دوچاری بن بەستێكە ،كە خۆی لەراپۆرتەكەشدا نیشان دەدات، بەوەی لەلایەك دەیەوێت بەرەیەك لەدژی ئیران و ئیسلامی سیاسی دروست بكات بەلآم لەهەمان كاتدا ناچارە فشاری ئەم ئیسلامە سیاسیە لەعیراقدا قبولْ بكات و دەسەلاتی بە شیعە داوە. هەربۆیە ئەمریكا ناچار بە پاشەكشەی زیاتر دەبیت بۆ قبولكردنی مەرجەكانی سونە و ناسیونالیزمی عەرەبی و توركیا تاكو باری شەڕی لە عیراقدا لەسەر سووك بێت و بەم پێیەش چارەنوسی كوردستان لەم ساتوسەودایەدا بەكاردەهێنێ و مەرجەكانی ئەو لایەنانەی بەسەردا دەسەپێنێ. ئەمە چارەنوسی كوردستانە لە بازنەی مانەوەی لە عیراقدا و لەفەلەكی سیاسەتی ئەمریكادا.حزبە دەسەلاتدارەكانی كوردستان هیچ دەرسێكیان لە راپۆرتەكە وەرنەگرتوە و لەپێناو پاراستنی سەروەت و دەسەلاتی محلی خۆیاندا دوای ئەم سیاسەت و ستراتیژیەی ئەمریكا كەوتون و نارەزایەتی ومقاوەمتیكیش كە باسی دەكەن دژ بەم راپۆرتە تەنها بۆ

کپکردنەوەی ئەو نارەزایەتیە ڕەوایەیە کە خەلکی کوردستان بەرامبەر بەم یاریکردنەی ئەمریکا و ئەم حزبانە بەچارەنوسی کوردستانەوە دەیکەن. ڕیگاچارەی خەلکی کوردستان دەرچوون لەم وەزعەی عیراقە و بەرپاکردنی رفراندۆمیکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

***دۆستایەتی کوردو ئەمریکا وەکو بانگەشەی بۆ دەکرا وا دەرنەچوو، دەرکەوت کورد لەهاوکێشە سیاسیەکاندا رۆلێکی گرنگی پیێ نەدراوە؟ ئەمە پەیوەست بە کوردەوە یان لای ئەمریکا شتێك نەبوە بە ناوی دۆستایەتیەوە جگە لە بەرژەوەندی؟**

وەلام: دۆستایەتی وخیانەت دوو زاراوەن بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بەدریژایی میژووی پەیوەندی خۆی لەگەلّ ئەمریکا بەکاری بردوە تاکو بتوانیت خەلکی کوردستان لە تیگەیشتنیکی راست و سیاسیانە لەسەر ئەم پەیوەندیە دووربخاتەوە. ئەمریکا لەکاتی جەنگی سارددا پشتیوانی بەعس و ناسیونالیستی عەرەبی بوو لەدژی کورد لەبەرئەوەی بەرژەوەندیەکانی لەناوچەکەدا ئەمەی دەخواست. ئەمڕۆش ئەمریکا لە هاوسەنگیەکی نامساعددا گیری کردوە و پیویستی بەبادانەوە بەلای ناسیونالیزمی عەرەبی وسنە وبەعسیەکاندایە و هەر هەمان بەرژەوەندی جارانی ئیستا وای لیکردۆتەوە کە رووبکاتەوە وولاتانی عەرەبی. یەکیتی وپارتی باسی ئەم راستیانە ئەمڕۆ دەیانەوێت بە خیانەت لەقەلەم بدەن و ئەم شیعر ووتنە و خۆبەقوربانی زانینە بۆ سەدەی بیست ویەکەم ناخوات و ووشیاری سیاسی خەلکی کوردستان ئەوەندەیە کە بتوانێت واقعیەتە سیاسیەکانی پشتی ئەم بادانەوەیەی ئەمریکا ببینیێ. هیچ بەرژەوەندیەکی خەلکی کوردستان بۆ ئەمریکایەك کە خەریکی سازدانەوەی ناوچەکەیە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی دەسەلاتی سیاسی و سەرمایەی خۆی کێشێکی سیاسی و ئابوری بەرچاوی نیەیە و حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان جیگاوڕیگایان لەو ئاستەدا نیەیە کە ئەمریکا ناچار بێت لەهاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا رۆلیکی گرنگیان پیێبدات وە قابیلی بەراورد نین لەچاو ناسیونالیزمی عەرەبی و شیعە و سونەدا کە پشتیوانیەیەکی ناوچەییان هەیە و بەشێکن لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە. هەربۆیە ئەوەی ئێستا لە دەستوری ئەمریکادانیەیە دروستکردنی ئیسرائیلی دووەم و کۆریای باشوریەکی ترە لە کوردستاندا. هەلویستی ئەمریکا لەسەر نەکردنەوەی قونسلیەت لە هەولیردا لەسەردەمی بریمەردا و پیشوازی نەکردن لە بانگیشتی تالەبانی بۆ دانانی بنکەی سەربازی ئەمریکا لە کوردستاندا نیشانەی ئەو ڕاستیەیە کە ئەمریکا راگرتنی دۆستایەتی ناسیونالیزمی عەرەبی و وولاتانی ناوچەکەی لەپیشە و بەرژەوەندی ئەمریکا لە کوردستاندا لەوە تێپەرناکات کە چارەنوسی کوردستان بکاتە کارتێکی فشار لە مامەلەی لەگەلّ ئەو هێزانەدا بەکاربینیێ. ئەوەی هاوسەنگی هێزی ئەمریکا لەبەرامبەر ئیران وئیسلامی سیاسیدا دەگۆڕێت لە عیراق وناوچەکەدا ئەمڕۆ بنکەی عەسکەری لە کوردستاندا نیەیە بەلّکو بنکەی سیاسی و عەسکەری یە لەوولاتانی عەرەبی و عیراقدا . ئەمریکا جگە لەم بەرژەوەندیانە شتیکی تری نەبوە بەناوی دۆستایەتی کوردەوە و ئەوەی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بانگەشەیان بۆ کردوە کە ئەمریکا دۆستی کوردە بۆ ڕەواج پیدانی بەدیلی فیدرالی خۆیان بوە کە بلّێن زلهێزێکی وەك ئەمریکامان لەگەلّدایە. لەکاتیکیشدا ئەم فیدرالیزمە شکستی خواردوە ئەمە بەناوی خیانەتی ئەمریکا دادەنێن تاکو نەلّێن بەدیلی فیدرالی شکستی خواردوە و خەلّك داوای بەدیلی سەربەخۆییان لیێبکات.

***کۆنگرەی ئاشتبونەوەی نیشتمانی، تا چەند دەتوانێت بارودۆخی نائارامی عیراق چاك بکات لەکاتێکدا داوای کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە دەستورو مەسەلەی فیدراڵی و نەوت و سوپا دەکات و داوای گەڕانەوەی کۆنە بەعسیەکانیش دەکات؟**

وەڵام: ئەم کۆنگرەیە لە چوارچیوەی سیاسەتی نوێی ئەمریکادا دێت لە عێراقدا کە پێشتر باسم کرد و بریتیەیە لە پیکهینانی بەرەی میانەڕەو بەرامبەر بە توندڕەوەکان. ئەم کۆنگرە و بەرەیە وەڵامی شکستی ئەمریکا بە شکستێکی تر. ئەو لایەنانەی کە لەم کۆنگرە و بەرەیەدا بەشداری دەکەن بەشێکن لەو بارودۆخە نائەمنەی عیراق و لە دەرەوەی کۆنگرە میلیشیاکانیان مانگانە بە هەزاران کەس لە یەکتری ولەخەڵکی مەدەنی دەکوژن. ئەمانە لەشەڕی یەکلاکردنەوەی دەسەلاتدان و دریژەی ململانێی دەولەتەکانی ئیران و ناوچەکەن. باسکردنی ئەوەی ئەمنیەت بەمانە ولەسای داگیرکاری ئەمریکادا چاك بکرێت دوای ئەوەی لە 3 ساڵی رابردوادا زیاتر لەنیوملیۆن ئینسان کوژراوە بەئەقلی کەسدا ناچێ. داوای گۆڕانکاری لە دەستورو مەسەلەی فیدراڵی و نەوت و سوپا و داوای گەڕانەوەی کۆنە بەعسیەکانیش کەلەلایەن سونەوە پێیدادەگیرێ و ئەمریکاش گلۆپی سەوزی بۆ هەڵکردون ئەو کۆنگرە و بەرەیە بەرەو بن بەستی زیاتر دەبات و یەکێتی وپارتی کەلەهەموو لایەنەکانی تر پەرۆشی ئەم جۆرە کۆنگرە و بەدیلی بەرەی میانەڕەوە بوون تاکو ببیتە بەدیلی راپۆرتەکەی بیکەر –هاملتون ئەو ئومێدەیان لەدەست داوە و بەدیار دەستەوەستانی خۆیانەوە تیاماون. سەرنجیش بدەن جیاوازی تالەبانی کە سەرگەرمی بەریوەبردنی پۆستەکەیەتی لەبەغداد لەگەڵ بارزانی ،ئەویش کەلەهەولیر دەبێت نەك کاتیك لەبەغدایە، جیاوازی هەیە و بن بەستی زیاتریان بەرەو لەبەریەکترازانی رێکەوتنەکانی تا ئێستاشیان دەچێت کە لەسەر بنەمای ئەو شتانە راوەستاوە. شکستی بەدیلەکەیان گۆرانکاری وچاوپیاخشاندنەوە و دوورکەوتنەوە لەنیوان یەکێتی و پارتیدا دەهێنێتە پێشەوە.

***کۆبونەوەی سوننەکان لە تورکیا خراپترکردنی بارودۆخی سیاسی عیراق نییە و دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی عیراق؟ پاشان بۆچی تەنها سوننەکان بانگهێشتدەکات لە بەیاننامەی کۆتایشدا هەرەشە لەئێران دەکەن و داوای کشانەوەی ئەمریکا دەکەن و دەکرێت چ لێکدانەوەی بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت؟**

وەڵام: تورکیا خۆی ئامادەدەکات بۆ دەستێوەردان لەوەزعیەتی عێراق و دەیەوێت لە هەر وەسیلەیەك بۆ فشارهێنان بۆ ئەمریکا سوود وەرگرێت کە داواکانی لەسەر مەسەلەی PKKو کەرکوك بسەپێنێ بەسەر ئەمریکادا.تورکیا بەمیواندارێتی کۆبونەوەی سونەکان ئەم پەیامە بەئەمریکا دەدات. هاوکات سونەکانیش لەپەیداکردنی پشتیوانی تورکیا دەتوانن فشارەکانی خۆیان بۆسەر حکومەتەکەی مالکی و ئەمریکا زیاتر بکەن.

***کورد دەبێت چی بکات؟ کامەیە باشترین ئەلتەرناتیف بۆ بەگژداچونەوەی ئەو مەترسیانە؟**

وەڵام: رێگاچارەی سیاسی خەلکی کوردستان لەمانەوە لە عیراقدا نیەیە.لەمانەوە لە بازنەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عیراقدا نیەیە. لەو فیدرالیزمە شکست خواردوەدانیەیە کە یەکێتی وپارتی درێژەی پێدەدەن. پێداگری یەکێتی وپارتی لە پاشکۆهێشتنەوەی کوردستان بە عێراقەوە ئێستا خەتەرەکەی دەرکەوتوە. ئەوەتا خەریکن پێشمەرگە دەنێرن بۆ نێو شەڕی عێراق

تاكو ئەمریكا بەشەدەسەلات و داهاتی ئەم حزبانە بپارێزێ .ئەمە راكێشانی كوردستانە بۆ ناوئاگری شەڕێك كە نیوملیۆن ئینسانی تێداكوژراوە و هێشتا سەرەتایەتی. لەسەر كەركوك هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەكەن و باس لە تەقینەوەی شەڕی قەومی دەكەن ئەگەر مادەی 140 بگۆڕێ یان جیبەجێ نەكرێ. تاكەی لە عێراقێكی لەم چەشنەدا شەڕ لەسەر ئەم بەشە فیدرالیەی دەسەلاتی یەكێتی وپارتی درێژەپێدەدرێت.ئایا ئایندەیەك بۆ كۆتایی ئەم شەڕو كێشەیە لە چوارچێوەی مانەوە لەگەڵ شیعە وسونەدا هەیە و ئایا لە ململانێ لەگەڵ ئەم هێزانەدا كە پشتیوانەی ناوچەیی‌یان هەیە و چارەنوسی عێراق پەیوەستە بەو هێزە ناوچەیی وشەڕی ئەمریكا وئیسلامی سیاسیەوە ئایندەیەك بۆ خەڵكی كوردستان جگە لە بونە قوربانی ئەم شەڕو ژێردەستەبوونی ئەم هێزە كۆنەپەرست و داگیركارانە هەیە. راپۆرتەكەی بیكەر هاملتون ئەو چارەنوسە ڕەشەی ئەم وەزعیەتە دەیسەپێنێ بەسەر خەڵكی كوردستاندا بەڕۆشنی خستۆتە بەرچاو و دووربینێكە كە ئەو ئایندەیەی لەنزیكەوە بەڕۆشنی پیشانداوە. هەربۆیە ڕێگاچارەی سیاسی خەڵكی كوردستان جیابونەوەیە لە عێراق.بەرپاكردنی رفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی كوردستان تەنیا ڕێگاچارەی عەمەلی و مومكینە بۆ دەربازكردنی خەڵكی كوردستان لەم وەزعە پڕمەترسیەدا. خەڵكی كوردستان دەبێت بەرامبەر بە بەدیلی فیدرالی ئەمرۆ بەدیل و شیعاری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی كوردستان بەرزبكەنەوە.پیویستە بزوتنەوەیەكی جەماوەری بۆ بەرپاكردنی رفراندۆم بەرێبخرێت كە ستراتیژەكەی سەربەخۆیی بێت نەك وەك ئەو بزوتنەوەی رفراندۆمەی شێركۆ بیكەس وەسیلەوكارتی فشاری یەكێتی وپارتی بێت بۆ فشارهێنان بۆ سەپاندنی خواستی فیدرالی. ئێمە لەپیناو بەرێخستنی ئەم بزوتنەوەیەدا ئێستا لەناوەوە و دەرەوەی كوردستان دەستمان كردوە بە كۆكردنەوە وئامادەكردنی سیاسی وعەمەلی خەڵك. خەڵكی كوردستان دەبێت باوەڕیان بەئیرادەی خۆیان هەبێت و ئەو چاوەروانی و خۆفریودانەی سیاسەتەكانی ئەمریكا و پاشكۆیەتی حزبەدەسەلاتدارەكانی كوردستان بۆی دروستیان كردوە دەبێت كۆتایی پێ‌بێت و خەڵك خۆیان بڕیار بدەن لەسەر چارەنوسی كوردستان. هەر ئێستا پیویستە رفراندۆم لەكوردستاندا بكرێت تا خەلك بریار لەسەر چارەنوسی كوردستان و جیابونەوەی لە عێراق بدات. كێشەی كەركوك بەبێ دیاریكردنی چارەنوسی كوردستان حەل ناكرێت و بەرپاكردنی شەڕ لەسەر مادەی 140 كێشەی كەركوك دەسپێرێ بە شەڕێكی نەبڕاوە كە كۆتاییەكەی دیارنیە و دەیكاتە بەشێك لەو شەڕەناوخۆییەی ئێستا لە عیراقدا هەیە.پێویستە رفراندۆمی كەركوك هاوكاتی رفراندۆمی كوردستان بكرێت كە چارەنوسی كوردستان و كەركوك پیكەوە یەكلایی بكرێنەوە. جیابونەوەی كوردستان فرسەتی لەبار بۆ هەلبژاردنی خەلكی كەركوك دەكاتەوە كە بریار بدەن دەچنە پاڵ كام دەوڵەت ،دەولەتی سەربەخۆی كوردستان یان مانەوە لە عێراقی داگیركاری و شەڕدا. بەلاّم ئەم هەلّبژاردنە لەئێستادا بۆ خەلّكی كەركوك ئەوەیە كە ئایا بەسەر كام حزب وهێزانەدا دابەش دەبن ، شیعە یا سونە یا كورد.ئەمە لەواقیعدا كەركوك دابەش دەكات و ڕێگەی چارەسەری كێشەی كەركوك نیە. هەربۆیە كەركوك بەشێك لەكێشەی كوردە لەعێراقدا و دەبێت پێكەوە ئەم دوو كێشەیە بە دوو رفراندۆمی پیكەوەگریدراو چارەسەر بكرێن و رفراندۆمی كوردستان دەبێت پێش رفراندۆمی كەركوك بكرێت و رفراندۆمی كەركوك بەبێ رفراندۆمی كوردستان ناتوانێت چارەسەری كێشەی كەركوك بكات و ڕێگا وبەدیلیك بداتە دەست خەڵكەكەی تا بتوانن بەدروستی بریاری لەسەر بدەن بەشیوەیەكی سیاسی و شارستانیانە ئەنجامی بدەن و پرۆسە و ئاكامەكەی شەڕی قەومی نەخولقێنێ. بۆچی یەكێتی وپارتی نایانەوێت كێشەی كورد لە عیراقدا چارەسەر بكەن و رفراندۆم لە كوردستاندا بكرێ بەلاّم ئامادەن شەڕ لەسەر رفراندۆمی كەركوك بكەن ؟ ئاشكرایە ئەوان كێشەی كەركوك بەوەدەزانن كە نەخراوەتە سەربەشە دەسەلاتی ئەوان و مەسەلەیان چارەسەری كێشەكەی نیە. هەرچۆن دەسەلاتی ئەوان لە كوردستاندا جێگیرە و پیویستیان بە رفراندۆم لە كوردستاندا نیە لەكاتیكدا 99٪ خەلكی كوردستان جیابونەوەی دەوێت.

***بۆچی کورد ناتوانێت کارتی گوشار لەدژی ولاتانی ناوچەکە گروپەکانی ناو عیراق بەکاربێنێت لەبابەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و هاوکاری pkk و حزبە کوردستانیەکانی پارچەکانی تر؟**

وەڵام: هەروەك لە پرسیاری پێشتر ئاماژەم پێکرد کە مانەوە لەعیراقدا کێشەکە حەل ناکات ئەگەر هەموو ئەوکارانە و زیاتریش بکرێت چونکە پابەندبوون بە یەکێتی و سەروەری خاکی عێراقەوە کە لە دەستوری عێراقدا هاتوە و یەکێتی وپارتی ئیمزایان کردوە دەتوانێت هەموو ئەو رێگایانە ببەستێت و کوردستان دەبێت لەسایە و وەك پاشکۆی حکومەتی عێراق پەیوەندی دەرەوەی رێك بخات و لەسەر ئەمانە کێشەی جۆراوجۆری دەتوانن بۆ سازبکەن.

***نەبوونی شەفافیەت لەکارکردنی حکومەت هەرێم و پەرلەمان و دەزگاکانیدا، یەکێك نابێت لەفاکتەرەکانی شکستی حکومەتی هەرێم لەکاتی رودانی قەیرانەکاندا؟**

وەڵام: بێ‌گومان دەبێت چونکە دوای 15 ساڵ ژیان لەسایەی دەسەلاتێکدا کە سەرەتایترین پیداویستی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی دابین نەکات و بەبەرچاوی خەڵکەوە چینی دەسەلاتدار لە دریم لایفی خۆیدا بێت کاتێك ئەم دەسەلاتە توشی قەیران دەبێت بۆچی دەبێت خەلك پشتیوانی لێبکات. وەڵامی دوو ساڵی رابردووی ئەم حزبە دەسەلاتدارانە بەنارەزایەتی و داواکانی خەڵکی سلێمانی وهەولێر و کەلار و هەڵەبجە ورانیە و ئاکرێ چیبوە جگە لە گوللە؟ ئایا دەکرێ وەڵامی ئەم خەڵکە بەم دەسەلاتە قوربانی دان بێت. ئەو قەڵشتە لە نیوان ئەم حزبانە و خەڵکدا پێك هاتوە و ئاسان ناتوانن خەڵك قەناعەت پێ‌بێنن کە خۆیان بۆ پاراستنی ئیدارەیەکی کە گەندەڵی سەرتاپای گرتوە بدەن بەکوشت. هەرکاتێکیش خەڵك بیانەوێت سەربەخۆ بێتە مەیدان بۆ دیفاع لە چارەنوسی خۆی وەك لەم رۆژانە لاوانی سلێمانی دەیانویست خۆپیشاندان بکەن بەریان پێ‌دەگرن و لەسیاسیی بونەوەی شەقامی کوردستان دەترسن. بۆیە بێگومان یەکێك لە فاکتەرەکانی شکستی ئەم حکومەتەی یەکێتی وپارتی بوونی گەندەڵی و سەرکوتی ئازادی و دابین نەکردنی ژیانێکی شیاوە بۆ خەڵك.

***ئەگەرەکانی سەربەخۆیی کوردستان لەئێستادا، چەند شیاوەو چەندە خەتەرە؟**

وەڵام: ئاشکرایە سەربەخۆیی کوردستان رێگایەکی دژوارە و دوژمنی زۆرە. بەلام بەبەراورد لەگەڵ رێگای مانەوە لە عیراقدا و کەوتنە دوای سیاسەتەکانی ئەمریکا و شەری یەکێتی وپارتی لەسەر بەشە دەسەلاتی"فیدرالیان" رێگایەکە کە ئایندەی هەیە و کەمتر قوربانی بێ‌ئاکامی دەبێت. ئەمریکا لەمەوقعیەتێکدایە لە عێراق فشاری هەموو هێزە ناوخۆیەکان قبوڵ دەکات تاکو ناچار بەراکردن نەبێت. داوای خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و بەرێخستنی حەرەکەتیکی سیاسی بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم دەتوانێت ئەم فشارە دابنێت و بەتایبەت کاتێك کە پشتیوانیەکی نیودەولەتیشی هەبێت. پشتیوانی نیودەولەتی لەئیستادا کە کوردستان پاشکۆی عیراق بێت ئیمکانی‌یە و هەرداوایەکی فیدرالی و 140 وەك کێشەی ناوخۆی خەلکی عیراق سەیری دەکەن ولایەنگری بۆ پەیدانابێت.بەڵام لەکاتیکدا جیابونەوەی کوردستان وەك ریگاچارەیەك کە خەلکی کوردستان دەیەویت بەهۆیەوە لە بەڵای شەری عیراق رزگاری بێت بیگومان پشتیوانی سیاسی و نیودەولەتی بۆ خۆی رادەکێشێ. سەرکوتکردنی حەرەکەتیکی سیاسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کە پشتیوانی وبەشداری زۆربەی خەلکی کوردستانی لەپشت بێت سەنگ و قورساییەکی لە ساحەی سیاسی عیراقدا دەبێت و لەناوخۆی عیراقدا کە شیعە وسونە توانای سەرکوتیان نابێت و هێرشی تورکیا

وئیرانیش کارێکی ئاسان نیەیە لەم هەلومەرجەدا.تورکیایەك کە داوای چونە پەرلەمانی ئەوروپا دەکا و ئیرانیش کە سزای ئەنجومەنی ئاسایشی بۆ بەرنامەی ئەتۆمی لەسەرە. بەلام کاتیێ ئەم فرسەتە لەدەست بدرێت و کوردستان ڕۆبچێتە ناو شەڕی قەومی وتایفی عیراقەوە ئەوکات دەخالەتی دەولەتەکانی ناوچەکە ڕێگەی جیابونەوەی کوردستان سەدقات ناهەمواردەکا و ئیمکانی سەرکوت وبالادەستی تورکیا وئیران بۆ جیابونەوەی کوردستان مسۆگەر دەبێت. هەربۆیە ئێستا هەلومەرجی گونجاو و لەبارە بۆ هاتنەمەیدانی ئیرادەی خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆکردنی کوردستان و ڕێگەنەدان بەسەپاندنی دریژەپیدانی بەدیلی شکست خواردوی فیدرالیزم و قوربانی کردنی ژیان وچارەنوسی چەند نەوەی تری کوردستان. ئێمە پیویستە لە ناوەوە دەرەوەی کوردستان ئەم بزوتنەوە سەربەخۆ جەماوەریە بۆ رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ڕێك بخەین و لەهەموو شار و وولاتەکان کۆمیتەکانی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان پیك بهێنین و سەرتاسەری بکەینەوە و پشتیوانی سیاسی ونیونەتەوەیی بۆ راکێشین و لەم بوارەدا ئێمە خاوەنی تەجروبەی گرنگی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانین کە لەچەند سالێی ڕابردوودا ماتریال و زەمینەی بۆ دەستپیکردنی ئەم کارە فەراهەم کردوە و و سەرخستنیشی بەندە بە هاتنە مەیدانی ئیرادەی خەلکی کوردستانەوە بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنوسی سیاسی خۆی و دەرهێنانی لە کۆنترۆلی حزبە دەسەلاتدارەکانەوە.ئەمڕۆ هاتنە مەیدان بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هێندەی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی بۆ خەلکی کوردستان پێویستە.نارەزایەتیەکانی ئیستا دژ بەڕاپۆرتەکە بیکەر – هاملتون دەبێت بکرێتە سەرتای ئەم ڕێگایە و شیعاری نا بۆ پاشکۆیەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەلێ بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرزکەینەوە.